# کورته باسێك لەسەر سوسیالیسم

## نووسینی: هاورێ دوکتۆر جەعفەر شەفیعی

## ١٣٦٣

بۆ ئاگاداری خوێنەران:
ئەم نوسراوەیە ساڵی ١٣٦٣ هاورێی گیانبەخت کردوو دوکتۆر "جەعفەر شەفیعی" نوسیویەتی کە لە پاشکۆی پێشرەوی ژمارە ١٠دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بە پێی پێویست و لەسەر داوی زۆرێك لە لایەنگران و هەوادارانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ جارێکی دیکە ئەم بابەتە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.
جێگای خۆیەتی کە بوترێت ئەم بابەتە لە رووی ئەسڵی نوسراوەکەوە چاپ کراوە و تەنانەت لە وشەش دا هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێکی تێدا پێك نەهاتووە.

ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە خاکەلێوەی ١٣٨٩ی هەتاوی.

سەرەتا:
پار زستان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی"کورتە باسێك لەسەر سوسیالیسم"، بڵاو کردەوە. ئەم نامیلکەیە لە کۆنگرەی شەشەمدا پەسەند کرا و بوو بە بەڵگەیەکی رەسمی حیزب.
رایەڵ و پۆی نامیلکەی"کورتە باسێك لە سەر سوسیالیسم"، لە هەوەڵەوە تا ئاخر، جۆرێك خوێنراوەتەوە کە وا نیشان بدرێ و بسەلمێندرێ کە گۆیا لە کوردستان چینی

کرێکار، وەك چینێکی سەربەخۆ کە قازانج و بەرژەوەندی ئەو جیاوازیەکی تەواوی لە گەڵ قازانج و بەرژەوەندی بورژوازی هەیە و ناتەبایەکی قووڵ و بەرین و ئاشتی هەڵنەگریان لە نێوان دایە، وجودی نییە، خەباتی سەربەخۆی چینی کرێکار بۆ دێموکڕاسی و سوسیالیسم بێ مانایە و بە تایبەت کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان پێویستیان بەوە نییە کە لە حیزبی چینایەتی خۆیان دا کۆببنەوە، شۆڕش بکەن و بۆ حکومەتی کرێکاریی تێ بکۆشن. ئەرکی سەرشانی کورتە باس ئەوەیە کە لە ئیرادەی کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان بۆ خەباتی سەربەخۆ- سەربەخۆ لە هەر دەستە و تاقمی بورژوایی و وردە بورژوایی- لە پێناو دێموکڕاسی و سوسیالیسم دا بەرگری بکات و فریویان بدات و لە چاوەڕوانیەکی بێ سنوور دا، بیان بەستێتەوە. "کورتە باسێك لە سەر سوسیالیسم"، لە راستی دا باسێکی دوور و درێژە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سوسیالیسم بۆ کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان نە دەست دەدات و نە پێویستە. "کورتە باس" بۆ گەیشتن بەم مەبەستانە لە پێش دا خۆی بە دژی نیزامی سەرمایەداری و خوازیاری سوسیالیسم هەڵدەخا تا هەمووان دڵنیا کات کە: زحمەتکێشانی کوردستان لە بەر دواکەوتوویی کوردستان ناتوانن بە سوسیالیسم بگەن، ئەگینا حیزبی دێموکڕات خۆی "لایەنگری زۆر شێلگیری سوسیالیسم"ە.

نامیلکە، دوای ئەم خاترجەم کردنە دەست دەکا بە حاشا کردن لە راستیەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ئەو راستیانەی کە زەمینەی ماددی سوسیالیسم پێك دێنن: حاشا کردن لە سەرمایەداری بوونی کوردستان، حاشا کردن لە هەبوونی کرێکاران وەك چینێکی سەربەخۆ، حاشا کردن لە خەباتی چینایەتی، و دواتریش حەواڵە کردنی سوسیالیسم بە داهاتوویەکی ئێجگار نادیار و لە راستی دا بە ئەبەد.

پاشان کورتە باس بە رەت کردنەوە و تەحریفی دیکتاتۆری پڕولتاریا، ئینجا وەفاداریی خۆی بە نیزامی سەرمایەداریی دووپات دەکاتەوە.

کورتە باس، لە لایەکەوە بە لەقەڵەم دانی ئەمپریالیزمی شوورەوی بە وڵاتێکی سوسیالیستی، دەیهەوێ سوسیالیسم لە بەرچاوی کرێکاران و زحمەتکێشان بخات و لە لایەکی ترەوە بە دەربڕینی  چەند رەخنەیەکی لیبراڵی لە دەوڵەتی شورەوی، بە پیرۆز

دانانی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە و سوسیالیسمی دێمکڕاتێك، دوور کەوتنەوەی خۆی لە بە ناو "ئوردوگای سوسیالیسم و لار بوونەوەی بەرەو سوسیال دێموکڕاسی ئوروپا و بەگشتی غەرب رابگەینێ.

جێگای کورتە باس لە خەباتی چینایەتی مەوجود لە کوردستان دا

"کورتە باس" لە سەرتا دا بە دروستی دەڵێ کە: حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی "مارکسیست" یان "مارکسیست- لنینیست" یا کۆمۆنیست و بە گشتی حیزبی چینی کرێکار نییە. کە وایە بزانین حیزبی دێموکرات بە باس کردن لە سوسیالیسم شوێن چ مەبەستێك کەوتووە؟.

"ئەو حیزبە دەیهەوێ جوڵانەوەی گەلی کورد بەرێوە بەرێ، ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی "نەتەوەیی"، تەواو بێ، واتە تەنیا چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەویی لەبەرچاو بگرێ، ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە لایەك گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە بێ چارەسەر کردن هەروا دەهێڵێتەوە و بەم جۆرە وەرگرتنی مافی نەتەویی کارێکی بێ سوود دەبێ، لە لایەکی دیکەوە چوونکە بە هەر حاڵ ناکرێ گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لە بیر بچێتەوە، بە ناچار حیزبێکی دیکە پەیدا دەبێ کە تەکید دەکاتە سەر جێ بە جێ کردنی ئەو گیروگرفتانە و بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە زحمەتکێشانی کوردستان بۆ لای خۆی رادەکێشی". (تەکید لە ئێمەوەیە)

لێرە دا ناچینە سەر ئەوە کە ئەم قسانە داتەکاندنی سوسیالیزمە لە هەر چەشنە ناوەروکێکی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی، بەڵکوو ئەوە دەخەینە بەرچاو کە کورتە باس بە باس کردن لە سوسیالیسم، دەیهەوێ لە ریز بەستنی چینایەتی کرێکاران، لە سەربەخۆیی ئەوان و لە کۆبونەوەیان لە دەوری حیزبی خۆیان- حیزبی چینی کرێکار بەرگری بکات. حیزبی دێموکرات ئەگەر چی "حیزبی چینی کرێکار نییە"، بەڵام باش دەزانێ کە کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان دژی وەزعی مەوجوودن، لە ژیانی پڕ مەینەتی ئێستایان، لە بێکاری، گرانی، بێ خانوویی، بێ دەرمانی، بێ بەشی لە

هەر چەشنە مافێکی ئینسانی و . . . ، وە تەنگ هاتوون. هەر وەها حیزبی دێموکرات دەزانێ کە ئەو وەزعیەتە، هەرچی زیاتر کرێکاران و زحمەتکێشان بەرەو و حیزبی خۆیان- حیزبی چینی کرێکار، هان دەدات، بەرەو حیزبێك کە پێشەنگ و پارێزەری بەرژەوەندی ئێستا و داهاتووی ئەوانە و خەباتیان بۆ دێموکراسی و سوسیالیسم، لە دژی بورژوازی- لە هەر شکڵ و لیباسێك دا رێبەری دەکات. کە وایە بۆ ئەوەی نەکا ئەو حیزبە پەیدا بێ و تەکیە بکاتە سەر گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان و "نەتەنیا گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکوو ریشەی تەواوی مەینەت و کۆێرەوەری کرێکاران و زحمەتکێشان" و "بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە زحمەتکێشانی کوردستان بۆ لای خۆی راکێشێ" و بەگژ دەسەڵاتی سەرمایە و سەرمایەدارانیان دا بکات و بەرەو گەیشتن بە دێموکراسی و سوسیالیسم، خەباتیان رێبەری بکات، حیزبی دێموکرات ناچارە باسی سوسیالیسم بکات تا بەشکەم لەم رێگایەوە کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان لەمڕۆکەوە دەستەمۆی بێ زمان و بێ ئیرادەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بن و لە بیری چارەنووسی خۆیان دا نەبن.

هەر بە چاوخشانێك بەسەر هەل و مەرجی ئێستای کوردستانی ئێران دا، دەردەکەوێ کە پەرۆشی حیزبی دێموکرات لە وشیار بوونەوەی کرێکاران و زحمەتکێشان و سەقامگیر بوونی ریزی سەربەخۆی ئەوان بێ پایە نییە.

لە کوردستان ئێستا رادەی وشیاری سیاسی و چینایەتی کرێکاران و زحمەتکێشان بە ئاشکرا چووتە سەرێ. هەتا دێ زیاتر سەرنجیان بۆ ئەو راستیانەی کە لە لایەن کۆمەڵەوە سەبارەت بە ژیانیان و چەوساندنەوەیان لە نیزامی سەرمایەداری دا، فەقیری و هەژاری و نەدارییان و هەروەها رێگای رزگارییان ، بەیان دەکرێ، رادەکێشرێ. جگە لەوانە ئەو دێموکراسییە شێلگیر و شۆڕشگێرەی کە کۆمەڵە ئاڵا هەڵگریەتی، لە ناو کۆمەڵانی بەرینی زحمەتکێشی کوردستان دا، زۆرترین لایەنگری هەیە، بە جۆرێك کە بە ئاشکرا رادەی داخوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵانی خەڵکی زحمەتکێش لە جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد دا، کەوتۆتە ئاستێکی بەرزەوە.

هاتنه مەیدانی کرێکارانی وشیار، له شۆڕشی ئێستای کوردستان دا و جێگیر بوونیان له رێبەرایەتی ئەم شۆڕشه دا، دیمەنێکی نوێی بەم شۆڕشه بەخشیووه و بۆته هۆی ئەوەی که کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان به جیاواز له بورژوازی کورد- و نه تەنیا جیاواز، بەڵکوو به بەربەرکانێ له گەڵ ناشێلگیری و خەیانەتەکان و پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی بورژوازی کورد، جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن و بەرەو دێموکراسی شێلگیر و بەرین رابەری بکەن.
له هەل و مەرجێکی ئاوا دایه که بورژوازی کورد له ژێر فشاری راستیەکانی کۆمەڵ دا به ناچاری یەوه به رەنگی سوسیالیسم خۆی دەنخشێنێ و بەو سیمایەوه لەگەڵ سەربەخۆیی کرێکاران و زحمەتکێشان بەربەرەکانێ دەکات.
ئەمەیه جێگای ئاسایی کورته باس ! کورته باس رەنگدانەوەیەکه له خەباتی چینایەتی مەوجوود له کوردستان له نێوان پرولتاریا و بورژوازی کورد دا.

بۆ سوسیالیسم یان بۆ سەرمایەداریی؟

کورته باس به چەشنێك باسی وەفاداری حیزبەکەی به سوسیالیسم دەکا که بۆ خوێنەر هیچ شك و گومانێك ناهێڵێتەوه. سەرنج بدەنه ئەم چەند بەشه که له کورته باس بۆتانی دەهێنینەوه:
"ح. د. ك. ئ": دەیهەوێ چەوساندنەوه له کۆمەڵ دا به تەواویی له بەین بچێ و له بەر ئەوه پێك هێنانی سوسیالیستی وەك ئامانجێکی دوا رۆژ بۆ کۆمەڵی خۆمان له بەرچاوه. ل ٣
یا: "سوسیالیسم وەك نیزامێك که دژی سەرمایەدارییه هاتۆته مەیدان و کاتێك ئێمه دەڵێین سوسیالیسم مان دەوێ، ئەوه بەو مانایەیه که سەرمایەداری رەد دەکەینەوه و بڕوامان بەوه هێناوه که سەرمایەداری وەك نیزامێکی کۆمەڵایەتی، له لایەن مێژووەوه مەحکومه". ل ٧

یا: "حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگری زۆر شێلگیری سوسیالیسمە و بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم خەبات دەکا". ل ٣٥

ئەو هەموو سوێند خواردنە بە سەری سوسیالیسم بۆ چییە؟ بۆ رەت کردنەوەی سەرمایەداری یان بۆ رەت کردنەوەی سوسیالیسم؟ بە بڕوای ئێمە بۆ هی دووهەمیان. با بزانین چۆن.

بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم هەبوونی پێوەندی سەرمایەدارییە و نیزامی سەرمایەداری و سوسیالیسم خۆی وڵامی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە بەو نیزامە. کورتە باس لە هەبوونی ئەو بەردی بناغەیە، ئەو زەمینە ماددی یانەی بوونی پێوەندی سەرمایەداری لە کوردستان حاشا دەکات تا بیسەلمێنێ کە لە کوردستان نە چینی کرێکارێك هەیە و نە ئیمکانی دامەزراندنی سوسیالیسم هەیە. گوێ بدەن:

". . . راستە کە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداریی، بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوەندیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی رزگار نەکردووە. تەرکیبی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان و تەرکیبی چینایەتی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازیەکی تەواوی لە گەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری هەیە". کورتە باس ل ٢٤

دیارە ئێمە کاتێك دەڵێین بمرێ ئەمپریالیزم، لە راستی دا بە دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتووە، چونکوو ئمپریالیزم سیستمی جیهانی قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییە. بەڵام ئەگەر بینە سەر باری نێوخۆی کوردستان، مەسەلەکە دەبێ بە جۆرێکی دیکە لە بەرچاو بگیرێ، واتە لە پێش دا دەبێ بپرسین کە ئێمە لە کوردستان دا بە دژی کام سەرمایەداری دەبێ دروشم هەڵ بگرین؟

"ئەو سەرمایەداریە لە کوێ دایە"١

"ئێستا لە کوردستان دەوڵەمەند هەیە، بەڵام سەرمایەدارێکی ئەوتۆ وەبەر چاو ناکەوێ".٢

" لە کوردستانی ئێستا دا هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداریی پێویست ناکا" ٣

---

١و٢و٣ کورتە باس" ل ٧و ٨

هەر زحمەتکێشێکی وشیاری کوردستان بە بیستنی ئەم قسانە، بەبێ هیچ تەعبیر و تەفسیرێك دەتوانێ فەزاوەت بکات کە کورتە باس زمانی حەق وێژی کام چین و تاقمی کۆمەڵ ە. ئەم سەرمایە و سەرمایەداریەی کە کورتە باس دەیهەوێ بەهەر جۆرێك بووە، پەردەیەکی بەسەردا بدا و بیشارێتەوە، لە کرێکاران و زحمەتکێشان شاراوە نییە. ئەوان لە ژیانی رۆژانەیان، لە کار کردنی رۆژانەیان، لە چەوساندنەوەیان و لە خەباتیان دا، هەموو کات و ساتێك ئەو سەرمایەداری و سەرمایەیە دەبینن.

بەڵام کورتە باس هەموو ئەو کرێکار و زحمەتکێشە زۆر و زەبەندەی کوردستانی کە جگە لە هێزی شان و باهۆی خۆیان هیچ شتێك شك نابەن و بۆ بەڕێ چوونیان ناچارن کار بکەن، ئەو هێزە بفرۆشن و لە بەرابەری دا کرێ وەرگرن، بە چ نێوی لێ دەبا؟

ئەمانە کێن؟ و جگە لە سەرمایە چی دیکە دەیان چەوسێنێتەوە؟

"کۆمەڵی کوردەواری جیاوازیەکی تەواوی هەیە لە گەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری"، مانایەکی تری نییە جگە لەوە کە لە کوردستان کرێکار بەرچاو ناکەوێ. حەول و تەقەلای کورتە باس ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان لە قەوارەی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بخا و وانیشان بدات کە لە کوردستان نە کرێکار و نە سەرمایەدار و لە چەوساندنەوە خەبەرێك نییە و کە وایە خەباتی چینایەتی، خەباتی کرێکاران لە دژی دەسەڵاتی سەرمایە، پێویست ناکات. بە گوتنی ئەم قسانە کورتە باس لە راستی دا، باس لە نامومکین بوون و پێویست نەبوونی سوسیالسم دەکا.

بەڵام لە هەر حاڵ دا، بە هۆی ئەوەی کە "ناکرێ گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی لە بیر بچنەوە" و بە پێچەوانەی مەیلی کورتە باس کۆمەڵانی کرێکار و زحمەتکێش بۆ رزگار کردنی خۆیان تێدەکۆشن و حەقانیەتی سوسیالیسم حاشای لێ ناکرێ کورتە باس نەقشەی خۆی بۆ خەیاڵاوی کردن و فریودان و چاوەڕوان راگرتنی کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان بەم جۆرە دادەرێژێ.

کورتە باس دەڵێ:

"بۆ ئێمه، دامەزراندنی سوسیالیسم ئەسڵێکی زۆر گرینگە، بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەڵی کورد دا ۳ قۆناغی ئیستراتژیکمان لە بەرچاوە.
"قۆناغی یەکەم وەدەست هێنانی خودمختاری، پاش وەدەس هێنانی خودمختاری، هەتا پێك هاتنی هەل و مەرجی پیادە کردنی سوسیالسم دەبێتە قۆناغی دووهەم، ئەگەر "ح. د. ك. ئ" بتوانێ ئەو بەرنامەیەی کە ئێستا هەیەتی پاش وەرگرتنی خودمختاری لە ماوەی ۲۵ ساڵ دا جێ بە جێی بکا، سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە، بە دوای جێ بە جێ بوونی بەرنامەکەمان، دەس دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی سوسیالسم، ئەوە قۆناغی سێهەمە".
بە پێی ئەو قۆناغ – قوناغ کردنە، کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان نابێ لە ئێستاوە خۆیان بۆ شۆڕشی سوسیالیستی ئامادە بکەن، نابێ دژی سەرمایەداران و سەرمایە راوەستن، نابێ دەس بدەنە خەباتی چینایەتی (ئەگەریش تا ئێستا کردویانە دەستی لێ هەڵگرن)، چۆنکوو قۆناغی ئێستا قۆناغی یەکەمە و وەدەست هێنانی خودمختاری. (لە حاڵێك دا کرێکاری سوسیالیست، کرێکارێك کە هەر لە ئێستاوە بە بیروباوڕ و ڕێکخراوی سوسیالیستیەوە خەبات دەکا، دەتوانێ شێلگیرترین کەس و هێز بۆ چارەسەر کردنی مەسەلە دێ موکراتیکەکان بێ).
هەر وەتر بە پێی ئەو قۆناغ –قۆناغ کردنە، دوای وەدەست هێنانی خودمختاریش، کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان نابێ دەس بدەنە خەباتی چینایەتی و دژی دەسەڵاتی سەرمایە و سەرمایەداران راوەستن، چۆنکوو هێشتا بەرنامەکەی حیزبی دێموکرات پیادە نەکراوە و ۲۵ ساڵی تریش دەبێ دەستە و وەستان راوەستن.
لە یەکەم چاوخشاندەن دا، وا بە نەزەر دەگات کە قسەی کورتە باس بۆ کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان ئەوەیە کە تا ۵۰ ساڵی دیکە (۲۵ ساڵ بۆ خودمختاری و ۲۵ ساڵی دیکەش بۆ پیادە کردنی بەرنامەی حیزبی دێموکرات)، چاوەڕوان بمێننەوە و باسێك لە سوسیالیسم نەکەن، بەڵام ئێمە ئێستا ئاشکرای دەکەین کە چۆن ئەم ۵۰ ساڵ سەر دەکێشێتە ئەبەدییەت و کورتە باس سوسیالیسم دەکاتە ئارەزویەکی ئاسمانی بۆ کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان، ئارەزویەك کە هەرگیز پێ گەیشتنی بۆ نییە.

بڵاو کردنەوەی ئوتوپیای سەرمایەداریی سەربەخۆ و پێشکەوتوو بە مەبەستی بەرگری کردن لە خەباتی سەربەخۆی کرێکاران

باسەکانی کورتە باس بە گشتی- چ ئەو کات کە باسی کوردستان دەکات و چ کاتێك کە باس لە گیروگرفتەکانی دامەزراندنی سوسیالیسم لە شورەوی دا دەکا، لە بنەڕەت دا لە دەوری وەدواکەوتوویی ئابوری و و پێویستی گەشەدار کردنی سەرمایەداری دەخولێنەوە و کاکڵەی قسەکەی ئەوەیە کە کوردستان لە باری سەنعەتیەوە وەدواکەوتووە و دامەزراندنی سوسیالیسم پێویستی بە گەشەی سەنعەت لە کوردستان هەیە. وە تا زەمانێك کوردستان خاوەنی سەنعەتی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە نەبێ، هەر جۆرە تەقەلایەك بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم سەر لە بەرد دانە. بزانین بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ پێك هێنانی هەل و مەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم دەڵێ چی: لە لاپەڕەی ١٦ و ١٧ی ئەو بەرنامەیە دا نووسراوە:
ڕێگای ئەسڵی پێشکەوتنی ئابوری کوردستان و سەراسەری ئێران سەنعەتی کردنی وڵاتە بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تکنیك لە لایەك و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتی وڵات لە لایەکی دیکەوە. پێك هێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتی کردن پێویستە، یەکێك لە بنەڕەتی ترین ئەرکەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها حکومەتی خودمختاری کوردستانە.
حکوومەتی خودمختاری کوردستان بەهۆی بەشی گشتی ئابوریەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوری یە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ و . . ."

بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەند کراوی کۆنگرەی ششەم ل ١٦ و ١٧

دامەزراندنی سەنعەتی پێشکەوتوو و گۆڕینی جێگایەکی وەك ئێران و کوردستان بە وێنەی وڵاتێکی سەنعەتی ئورووپایی ( لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداری دا)، خەیاڵاتێکە کە لە وڵاتانی دوواکەوتوو و ژێر دەستەی ئیمپریالیزم دا لە لایەن ئوپۆزسیۆنە بورژوایی یەکان هەر وەك حیزبی دێموکرات پەروەردە دەکرێ تا کرێکاران و زحمەتکێشان ڕێگای خەباتی سیاسی و چینایەتیان ون بکەن و بەرامبەر بە نیزامی سەرمایەداری سەری تەسلیم دانەوێنن. چ ڕاستیەکانی دونیای ئەمڕۆ و چ یاساکانی نیزامی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیسم خەیاڵی بوونی ئەو ئیدعایانە دەسەلمێنن.

تایبەتمەندی وڵاتانی ژێر دەستەی وەك ئێران بریتییە لە چەوساندنەوەی توندوتیژی کرێکاران و زحمەتکێشان، پێشێل کردنی هەر چەشنە مافێکی دێموکراتیك و ئینسانی و زاڵ بوونی دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرەستی. ئەمەیە جێگای ئێران لە کاربەش کردنی جیهانی ئیمپریالیزم دا. نیازی سەرمایەی ئیمپریالیستی بە وەدەست هێنانی قازانجی زۆر و زەبەند، ئەم هەل و مەرجە پێك دێنێ، تەنانەت ئەگەر قسە لە سەنعەتیش بکرێ، هەر چەشنە گەشە کردنێکی سەنعەت هەر بەپێی نیازی سەرمایەی ئیمپریالیستی و بۆ توندوتیژ کردنەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران دێتە گۆڕێ. لێرە دا پێویستە ئەوە بڵێین کە گۆڕانی وڵاتێکی وەك ئێران بە وڵاتێکی سەنعەتی ئورووپایی، لە گەڵ قازانجی سەرمایەی ئیمپریالیستی کە جڵەوی ئابوری جیهانی بە دەستەوەیە، ناتەبابییەکی قووڵ و بەرینی هەیە و بۆیە تا ئەو کاتەی نیزامی سەرمایەداری لە وڵاتێکی وەك ئێران دا بەرقەرارە ئیمکانی شکۆفا بوونی سەنعەت بە وێنەی وڵاتانی ئورووپایی وجودی نییە.

لەم سەردەمە دا، لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا، تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی دا گەشەی زۆر و زەبەندی هێزە بەرهەم هێنەرەکان و سەنعەت و بەهرەمەند بوونی کۆمەڵانی خەڵك لە تەواوی دەستکەوتەکانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵ ئیمکانی هەیە.

له ئێرانیش دا(به کوردستانەوه)، تاقه وڵامی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار به نیزامی سەرمایەداری، سوسیالیسمه، گەرچی بەهۆی ژێر دەسته بوونی ئێران دابین کردنی سوسیالیسم له نێوان زنجیره شۆڕش و راپەرین گەلێك دا تێپەڕ دەبێ "که به شێوەی جۆر به جۆر رێ خۆش کەری گەیشتنی چینی کرێکار به دێموکراسی و به دەسەڵاتی سیاسین". هەر جۆره هەنگاو و ئیسلاحاتێکی ئابوری، له نەزەر چینی کرێکار و زحمەتکێشەوه، دەبێ له پێناو خۆش کردنی رێگا و گەرم و گوڕتر کردنی ئەم خەباته سیاسییه دا بێ.

له کوردستانیش بەهۆی وەدوواکەوتوویی زەقی ئابوری یەوه، پڕولتاریا بۆ بەهێز کردن و گەشه پێدانی خەباتی سیاسی، ئیقدامات و ئیسلاحاتێکی ئابوری فەوری بەسەر بورژوازی دا دەسەپێنێ. ئیقدامات و ئیسلاحاتێك که باری قورس و گرانی تەنگ و چەڵمەی کار و ژیانی جەماوەری زحمەتکێش کەم بکاتەوه و پلەی ژیان و ریفاهی ئەوان بباته سەرێ و جەماوەری زحمەتکێش بتوانن له دەستکەوتەکانی تکنۆلۆژی و فەرهەنگ بەهرەمەند بن و زەمینەیەکی لەبار بۆ وشیار بوونەوه و خەباتی سیاسی له دژی ستەم و چەوساندنەوه پێك بێ.

له روانگەی کۆمەڵەوه، دەبێ ئەم سیاسەته ئابوریه بەسەر حکوومەتی خودموختاری کوردستان دا زاڵ بێ. پڕولتاریای وشیاری کوردستان یەکگرتوو لەگەڵ پڕولتاریای وشیاری ئێران، هەر له ئێستاوه بێ هیچ قەید و شەرتێك و له هەموو هەل و مەرجێك دا، له ژێر رابەری حیزبی خۆی، بۆ پێشەوه بەرەو دامەزراندنی ئازادی و بەرابەری و حکوومەتی کرێکاریی- بەرەو سوسیالیسم، دەڕوا و هەر ئەندازه دێموکراسی و ئازادی و هەر ئەندازه ریفاه و ئیقداماتی ئابوری که بۆی بلوێ، دەکاته تۆشه بۆ بەهێز کردنی ئەم خەباته نەپساوەیه.

کاتێك کورته باس دامەزرانی سوسیالیسم دەخاته گرەوی دامەزرانی شتێکی خەیاڵی وەك (تەبدیل بوونی کوردستان به وڵاتێکی سەنعەتی به شێوەی ئوروپایی)، له راستی دا بۆ ئەوه تێ دەکۆشێ خودی سوسیالیسم له پێش چاوی کرێکاران و زحمەتکێشان بکاته خەیاڵی و ئارەزویەك که هەرگیز وەدی نەیه. کورته باس به ئەنقەست له

راستیەکان و لە زەمینەی ماددی سوسیالیسم، یانی نیزامی سەرمایەداری و چینی کرێکار حاشا دەکا و پەردەی بەسەر دا دەکێشێ و لەباتی ئەو فێڵبازانە تراویلکە و ئوتۆپیا دادەنێ. بەڵام کاکڵە و جەوهەری بەرنامەی حیزبی دێموکرات چییە؟
بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە ٢ خاڵمان لە سەرەوە هێناوە لە راستی دا بەرنامەیە بۆ پارێزگاری لە سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئیرانی ژێر دەستەی ئیمپریالیسم دا و دامەزراندنی حکوومەتێکی بوروکراتێك- لە کوردستان و لە چوارچێوەی ئەو نیزامە دا. ئەمەیە ئەو سەرکەوتنە مێژوییە یەکجار گەورەیەی کە کورتە باس بەڵێنی دەدا.
هەڵسووڕانی ئێستای حیزبی دێموکرات لە ناو شۆڕای میللی موقاومت دا بۆ دابین کردنی جمهوریەکی دیکەی ئیسلامی- جمهوری دێموکراتیکی ئیسلامی و مۆر

کردنی تەرحی شۆڤینی شوورای میللی موقاومەت بۆ خودموختاری لە کوردستان بەشێکە لەو "سەرکەوتنە مێژووییە یەکجار گەورەیە" و دیارگەیەکە لە"بەرنامە بۆ پێك هێنانی هەل و مەرجی دامەزرانی سوسیالیسم"!
بەڵام کورتە باس بە حاشا کردن لە وجودی چینی کرێکار و بوونی پێوەندی سەرمایەداری لە کوردستان و بە حەول دان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی سەرمایە، نە تەنیا سوسیالیسم، بەڵکوو دێموکراسیش دەکاتە وەهم و خەیاڵێك کە دابین کردنی بۆ نەبێ.
لە وڵاتی ژێر دەستەی وەك ئێران، پاراستنی سەرمایە و دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار، پێویستی بە پێشێل کردنی هەر جۆرە مافێکی دێموکراتیك و زاڵ بوونی دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرەستی هەیە. لەم جۆرە وڵاتانە دا سەرکەوتنی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی دێموکراتیك، وەدەست هێنانی هەر چەشنە ئازادی و دێموکراسیەك، لە ئازادی دەربرینی بیرورِاوە بگرە هەتا بەرابەری مافی ژنان و پیاوان، لە ئازادی هەڵبژاردنەوە بگرە تا بەرابەری مافی هەموو دانیشتوان . . . بە خەباتی چینی کرێکاری سوسیالیستەوە گرێ دراوە، چینی کرێکارێك کە هەر لە ئێستاوە بۆ سوسیالیسم خەبات دەکات. رادەی دێموکرات بوونی هەر هێزێکی غەیرە کرێکاریی

بەوە دیاری دەكرێت كە تا چ رادەیەك نزیكایەتی لەگەڵ خەبات و تێكۆشانی ئەو چینەوە هەیە.
كورتە باس بە حاشا كردنی لە وجوودی چینی كرێكار لە كوردستان، ئاشكرای دەكا كە سەرەڕای هەموو وعدەیەكی رەسمی بۆ ئازادی و دێموكراسی، سەرەڕای شیعاری هەر رۆژەی: "دێموكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستان"، نە دەیەوێ و نە دەتوانێ دێموكراسی و ئازادی دابین بكات، بەڵكوو بۆ بەڕێوە بردنی ئەركی خۆی، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایە و مەترسی لە خەباتی چینی كرێكار ئەویش پێویستی بە پێشێل كردنی ئازادی و دێموكراسی هەیە.
كردەوەی ئەم ٥-٦ ساڵەی حیزبی دێموكرات بە روونی ئەم راستیەیانە هەر لە ئێستاوە نیشان دەدەن. بەمجۆرە ئیدیعای حیزبی دێموكرات بۆ دامەزراندنی دێموكراسی، هەر وەك ئیدیعای ئەو بۆ دابین كردنی سوسیالیسم فێڵبازانەیە و دەیەوێ لەژێر پەردەی دێموكراسی و سوسیالیسم دا دژی هەر دووكیان راوەستێ و قازانج و بەرژەوەندی كرێكاران و زحمەتكێشان پێشێل بكات.

كورتە باس لە چی دەگەڕێ؟

كورتە باس لە تەواوی ئەو هەڵگیر داگیرانە دا ئامانجێكی مەبەستە، ئەویش ئەوەیە كە لە ئیرادە و حوزوری سەربەخۆی كرێكاران و زحمەتكێشانی كوردستان لە خەباتی بێ پسانەوەیان دژی نیزامی سەرمایەداری و دیكتاتۆریەت، لەوە كە كرێكارانی كوردستان خۆیان هەر لە ئێستاوە چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن و بۆ رزگاری تێ بكۆشن بەرگری بكات.

کاتێك که ئەو "لایەنگری زۆر شێلگیری سوسیالیسم"ە "له پڕولتاریا دەعوەت دەکات که سیستەمی ئەو بەرێوه بەرن و پێ بنێنه ئورشەلیمی نۆێی ئەو، له واقیع دا چاوەڕووانی ئەو تەنیا ئەوەیه که پڕولتاریا له کۆمەڵگای ئێستا دا هەروا بمێنێتەوە، بەڵام بیروباوەڕی قیناوی خۆی سەبارەت بەم کۆمەڵگایه فڕێ بدات".(۱)

له سیستەمی کورته باس دا نابێ کرێکارانی کوردستان خۆیان رێکخەن و له دەوری حیزبی خۆیان کۆوەبن، چوونکوو ئەوە حیزبی دێموکرات هەیه که هەر چەند حیزبی چینی کرێکار نییه، بەڵام توندوتیژتر لەوان "وەدوی سوسیالیسم کەوتووە" و "لایەنگری زۆر شێلگیری سوسیالیسم ە".

لەو سیستمەدا پێویست ناکا کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان دژی سەرمایەداران راوەستن، چوونکوو له کوردستان سەرمایەدارێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ و کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری فەرق و جیاوازییەکی تەواوی هەیه و "هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پێویست ناکات".

لەو سیستمەدا کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان دەبێ بەپێی بابی قەناعەتی گوڵستانی سەعدی بجووڵێنەوە، کار بکەن و بچەوسێنەوە و ئەم ژیانه تاڵه به مەیل و رەغبەتەوە قەبووڵ کەن (دڵنیاش بن هەر کات، دوای ۲۵، ۵۰، ۱۰۰ یا هەر چەند ساڵی دیکه وادەی سوسیالیسم هات، خۆی بۆیان دایدەمەزرێنێ).

ئەو سیستەمه زنجیرێکه که دەیەوێ دەست و پێی کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان بۆ گەیشتن به دێموکراسی و سوسیالیسم ببەستێتەوە و سەرمایەداری له مەترسی شۆڕشی کرێکاران بپارێزێ، له حاڵێك دا سوسیالیسم بێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران هەرگیز دانامەزرێ. چینی کرێکار بۆ رزگاری خۆی و تەواوی بەشەرییەت هیچ رێگایەکی نییه جگه لەوە که بەهێزی یەکگرتوو و سەربەخۆی خۆی، بەرابەر به سەرمایه و دەسەڵات و دام و دەزگا و یاسای سەرمایەداری، خەبات بکا و ئەوپەڕی قارەمانەتی و لەخۆ بوردوویی بنوێنێ.

مارکس- مانیفێست کۆمۆنیست، بەشی سوسیالیزمی بورژوایی.

کرێکاران ئەگەر خەبات نەکەن و ئەگەر هەر چەشنە بیروباوەڕێکی وردە بورژوایی و بورژوایی وەلانەنێن، تا ئەبەد هەر کۆیلە دەمێننەوە.

بەڵام کورتە باس لە هەل و مەرجێك دا دەنووسرێ و پەسەند دەکرێ کە لە کوردستان و لە جەرگەی شۆڕشێکی دێموکراتیك – میللی دا، خەباتی چینایەتی لە ناو پڕولتاریا و بورژوازی کورد دا تا دێ بەرینتر و قووڵتر دەبێتەوە و کرێکارانی وشیار و کۆمۆنیست هەرچی زیاتر رێکخراو و بەهێزتر دەبن و مەودا بە بورژوازی کورد تەنگ دەکەنەوە. بۆیە حەول و تەقەلای کورتە باس بۆ حاشا کردن لە وجوودی سەرمایەداری و چینی کرێکار لە کوردستان لە سیستەم و تئۆریە بورژواییەکانی دا، لە راستی دا لە خزمەت پراتیك و عەمەلی ئەو دایە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پڕولتاریای سوسیالیستی کوردستان لە مەیدانی خەباتی سیاسی و عەمەلی و لە دونیای واقعی دا.

ئەم خەباتە سیاسی – چینایەتییە لە بنەڕەت دا لە دەوری دێموکراسی و حاکمیەت (دەسەڵاتی سیاسی) دا دەخولێتەوە و دەڕوانێتە سەر نەوعی چارەنووسێکی سیاسی کە دەبێ لە کوردستانی ئازاد کراو دا بێتە کایەوە. دەسەڵاتداریەتی دێموکراتیك و شۆڕشگێرانەی جەماوەر، بە هەموو ئازادیە سیاسیەکانەوە (کە پڕولتاریای وشیاری کوردستان بۆی تێ دەکۆشێ)، یان دەسەڵاتێکی بوروکراتیك کە هەر چەشنە مافێکی دێموکراتیك و ئینسانی پێشێل بکات (کە بورژوازی کورد بۆی تێدەکۆشێ و کورتەباس زمانی حەق وێژی ئەوە)؟.

بەمجۆرە کورتە باس جگە لەوە کە لە نیزامی سەرمایەداری بە گشتی دیفاع دەکا و بۆ هێشتنەوەی کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان لەم نیزامە دا تێدەکۆشێ، دەیەوێ لە رێبەری کردنی شۆڕشی ئێستای کوردستان لەلایەن پڕولتاریای کوردستانەوە بەرگری بکات و بەم کارە رێبەرایەتی خۆی و سیاسەتەکانی بەسەر ئەم شۆڕشە دا دابین و زەمانەت بکا. هەر بۆیە لە یەکەمین لاپەڕەدا، ئەو کات کە دەیهەوێ بڵێ بۆ لایەنگری سوسیالیسمە، دەڵێ: ئەو حیزبەی دەیهەوێ جووڵانەوەی گەلی کورد بەرێوە

بەرێ دەبێ گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی لەبیر نەچێتەوە، دەنا حیزبێکی دیکە پەیدا دەبێ کە . . . . . . ..

دژایەتی کورتە باس لەگەڵ دیکتاتۆری پرولتاریا، دژایەتی چینی سەرمایەدارە لەگەڵ چینی کرێکار.

کورتە باس لە هەر دیارگەیەکی سەربەخۆیی چینی کرێکار و زحمەتکێش، لە وجوودیانەوە بگرە هەتا حەیات و خەباتی سیاسی یان، نیگەرانە، بەڵام زۆرترین نیگەرانی و مەترسی کورتە باس ئەو کاتەیە کە قسە لە دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار دەکرێ. کورتە باس بۆ ئەوەی کە خەبات و تێکۆشانی راستەوخۆ و ئێستای کرێکاران و زحمەتکێشانی کوردستان خاوکاتەوە "ئاسۆی سەرکەوتنیان" بە رەش و تاریك نیشان دەدا.

"لایەنگری لە دیکتاتۆری پرولتاریا کە جار بە جار لە لایەن هێندێك لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە دەبیندرێ، کارێکی بێ قاعیدە و بێ جێیە.(١)

هەڵبەت ئەگەر مەبەستی کورتە باس ئەوە بێ کە لایەنگری لە دیکتاتۆری پرولتاریا لەناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کارێکی بێ قاعیدە و بێ جێیە، ئێمەش لە گەڵی دا موافقین. بە راستی ئەگەر کەسێك هەبێ و لایەنگری دیکتاتۆری پرولتاریا بێ، کارێکی بێ قاعیدە و بێ جێ دەکات ئەگەر لەناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بێ. بەڵام مەبەستی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە لایەنگری لە دیکتاتۆری پرولتاریا لە نەفسی خۆی دا- شتێکی بێ جێ و بێ قاعیدەیە.

"تەنانەت ئەگەر وەك مارکسیستێکیش چاو لە مەسەڵەکە بکەین، بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیکتاتۆری پرولتاریا وەك ئەسڵێکی بێ ئەم لاو ئەولا نابێ چاوی لێ بکرێ". (٢)

کورتە باس پاشان دەست دەباتە ناو عەمباری رویزیۆنیسم ەوە و بە کەڵك وەرگرتن لە خەیانەت و دوژمنایەتی دەیان ساڵەی رویزیۆنیسمی رەنگاورەنگ بە تایبەت رویزیۆنیسمی نەوعی شورەوی و بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی تێدەکۆشێ: "حیزبی کۆمۆنیستی گەورەی وەك حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، چەندین ساڵە دیکتاتۆری

پرولتاریای رەد کردۆتەوە . . . بێجگە لە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، زۆر حیزبی کۆمۆنیستی دیکەش هەن کە هەر لەو بڕوایە دان". (١)
"تەنانەت ئێستا لە یەکیەتی سۆڤیەت و لە وڵاتە سوسیالیستیەکانی دیکەش دا، باسی دیکتاتۆری پرولتاریا نەماوە".(٢)
"لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت دا، باسی حاکمیەتی گەل کراوە و ئەم نەزەرە تا ئێستاش رەد نەکراوەتەوە". (٣) {لە لایەن کێ وە؟}
کورتە باس دەیەوێ وانیشان بدات کە دیکتاتۆری پرولتاریا دێموکراسی خاشەبڕ دەکات و بە قەولی ئەو "لە گەڵ بەرژەوەندی گەلانی ئێران و نەتەوی کورد کە بە سەدان ساڵ لەژێر ستەمی ئیستبدادی دا ژیاوە" و "زۆریان پێویستی بە ئازادی و دێموکراسی هەیە و دەیانهەوێ ئازاد بن و ئازاد بژین "نایەتەوە. بۆ نیشان دانی دروستی ئیدعاکەشی لە شورەوی نموونە دێنێتەوە.
بەڵام هیچکام لە ئیدیعاکان و نموونەکانی کورتە باس بە هانایەوە نایەن، بەڵکوو راست پووچەڵ بوون و ناوەرۆکی دژی دێموکراتیك و دژی کرێکاریی ئەو نیشان دەدەن.
دیکتاتۆری پرولتاریا کە کورتە باس بە ئەنقەست وەك "میر غەزەب" ناوی لێ دەبا، شتێك نییە جگە لە حکومەتی کرێکاران، حکوومەتێك کە لەو دا زۆربەی زۆری کۆمەڵ – چەوساوەکان دەسەلات دارن و دەوڵەت و چارەنووسی کۆمەڵیان بە دەستە. لەو حکوومەتە دا خەبەرێك لە دام و دەزگای بانسەری خەڵك و کۆنەپەرەستان نییە.
دیکتاتۆری پرولتاریا –حکومەتی کرێکاران، دێموکراسیە بۆ کرێکاران و کۆمەڵی زحمەتکێش و زۆر لێکراو. ئەمە نەوعی هەرە کامڵ و هەرە بەرزی دێموکراسیە. بێ ئەو حکومەتە سوسیالیسم دانامەزرێ.
چینی کرێکارێك کە بە دەسەلات گەیشتووە، سەرمایەداران لە مالکیەتی خوسوسی دەسکۆتا دەکا و سەرمایە، کارخانە، بانك و تەواوی وەسایلی بەرهەم هێنان دەخاتە مالکیەتی تەواوی کۆمەڵ ەوە و تەواوی خەڵك لە نێعمەت و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بەهرەمەند دەکا و بەرابەری واقعی لە ناو میللەتان و ئەفرادی کۆمەڵ بە و ژن و پیاو پێك دێنێ.

بەڵام سەرمایەدارانێك كە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری كەوتوون، هەدا نادەن و بۆ گەڕاندنەوەی بەهەشتی خۆیان دەست دەكەن بە پیلانگێڕان و تێدەكوشن چینی كرێكار لە دەسەڵاتی سیاسی بخەن و دونیای چەوسێنەرانەی كۆن، دونیای سەرمایەداریی بژیەننەوە. لێرە دایە كە چینی كرێكار دەبێ بە تەواوی هێزیەوە، حكومەتی خۆی بپارێزێ و هەر چەشنە دەستدرێژیەكی بورژواكان تێك بشكێنێ. بچووكترین كەم تەرخەمی لە راگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، داهاتوویەكی رەش بۆ چینی كرێكار و زحمەتكێش بە دووی خۆی دا دێنێ.

١،٢و ٣- كورتە باس ل ٢٥ و ٢٦

تەجرەبەی تاڵی شورەوی كە كورتە باس بەوپەڕی خۆشیەوە نموونەی لێ دێنێتەوە، حەقانیەتی دیكتاتۆری پرولتاریا نیشان دەدەن.

ئەگەر ئێستا لە وڵاتانی بەناو سوسیالیستی دا تاك ناتوانێت نەزەری خۆی لەسەر حكوومەت بدات و كەس ناتوانێ لە چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەویزیۆن دا رەخنە لە حكوومەت بگرێ، ئەگەر ئێستا كرێكاران و زحمەتكێشان لە شورەوی و باقی وڵاتانی بەناو "سوسیالیستی" دا دەچەوسێنەوە، ئەگەر لە وڵاتی شورەوی سوسیالیسم خاشەبڕ كراوە و وڵاتی سوسیالیستی شورەوی بۆتە وڵاتێكی ئیمپریالیستی، لەبەر ئەوەیە كە كرێكاران لە سەر حكوومەت نەماون و لەباتی دیكتاتۆری پرولتاریا، دیكتاتۆری سەرمایە حاكمە و راست لە بەر ئەوە كە: (تەنانەت ئێستا لە یەكیەتی سۆڤیەت و لە وڵاتە سوسیالیستیەكانی دیكەش دا، باسی دیكتاتۆری پرولتاریا نەماوە) و بورژوازی ئیمپریالیستی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە و لەژێر ناوی سوسیالیسم دا پارێزگاری لە نیزامی سەرمایەداری دەكا.(١)

(١)  بڕوانە بەشی ٢ی روون كردنەوە

## جێگای حیزبی دێموکرات لەناو جیهانی بورژوازی دا

دژایەتی کورتە باس لەگەڵ دیکتاتۆری پرولتاریا، دژایەتی چینی سەرمایەدارە لەگەڵ چینی کرێکار و زحمەتکێش و کورتە باس بەم باسە هاوچارەنووسی و یەکیەتی چینایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بورژوازی جیهانی رادەگەیەنێ.

"کەوابوو، ئێمە دەبێ سوسیالیزمێك دامەزرێنین کە دێموکراتیك بێ . . ."

"بۆ نموونە، ئێستا لە فەڕانسە تاقیکردنەوەیەکی تازە دەستی پێکراوە. دیارە جارێ ناتوانین بزانین و چاوەڕوان بین کە بەم زووانە، کۆمەڵی فەڕانسە لە بنەڕەتەوە تووشی گۆڕان بێ، بەڵام حکوومەتی سوسیالیستی فەڕانسە لەباری ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە راست ئەوە دەکا کە نەزەری حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەیە . . .[ ئەو تاقیکردنەوەیە] ئەگەر سەرکەوێ دەبێتە نموونەیەك لە سۆسیالیزمی دێموکراتی" (٢)

سوسیالیزمی دێموکراتیك کە تەواوی ئورو کۆمۆنیستەکان و لەوانە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە بە دەستیانەوە گرتووە، بیر و باوەڕێکی رویزیۆنیستیە کە لەمێژ ساڵە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە ریسوا بووە. دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی پرولتاریا و دیکتاتۆری پرولتاریا و فریودانی چینی کرێکاری ئوروپا بەوە کە لە رێگای پاڕلمانەوە دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن، بەردی بناغەی "سوسیالیسمی دێموکراتیك"ە.

ئێستا حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئوروپایی، پارێزەرانی دەسەڵاتی سەرمایەی ئیمپریالیستی لەناو ریزی چینی کرێکاری ئوروپان.

لاسایی کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، ٢ کەرەت فێلبازی و فریوە: یەکیان لە بەر ئەوە کە لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداری دا ئیمکانی تەبدیل بوونی ئێران بە وڵاتێکی سەنعەتی وەك فەڕانسە نییە و ئەوی تریشیان لە بەر ئەوە کە سوسیالیسمی دێموکراتیك لە بنەڕەت دا، خۆی هەمان کۆمەڵگای ئیمپریالیستی و ئەو سوسیالیسمەیە.

کورته باس ل ٢٦ و ٢٧ و ٢٨

هێنانه گۆڕێی سوسیالیسمی دێموکراتیك لەلایەن کورته باسەوه، لاربوونەوەی حیزبی دێموکرات بەرەو سوسیال دێموکراسی ئوروپا و به گشتی وڵاتانی رۆژئاوایه و بەمجۆره جێگای ئەم حیزبه لەناو دەستەبەندیەکانی جیهانی بورژوازی دا، نیشان دەدا.

٢ روون کردنەوه

"سەرمایەداری" ئێستا وەك نیزامێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی، له بانترین قۆناغی خۆی واتا له قۆناغی ئیمپریالیسم دایه. ئیمپریالیسم بۆته سیستەمی جیهانی سەرمایەداری و دابەش بوونی جیهان له نێوان دەوڵەت و حیزبه ئیمپریالیستیەکان دا تەکمیل بووه.
ئیمپریالیسم له ئاستی جیهان دا، بەپێی جەوهەری خۆی، تەقسیم کاری بنەڕەتی پێك هێناوه:
له وڵاته ئیمپریالیستیەکان/ سەرمایه به شێوەیەکی لەڕاده به دەر کەڵەکه بووه و کۆبووتەوه. لەم وڵاتانه، ئەم سەرمایه زۆر و زەبەنده، بەهۆی تایبەتمندیەکانی خودی یاساکانی نیزامی سەرمایەداریەوه بەهۆی ئەوه که ئەو سەرمایه سەرفی کارخانه و ماشێن و کارگا و شتی وا دەبێت (سەرمایەی سابت) زۆر زیاتره لەوەی سەرفی کڕینی هێزی کاری کرێکاران دەبێ (سەرمایەی موتەغەییر) و قازانج کەم دێنێ و هەتا سەرمایەی سابت زیاتر پەره دەستێنی، قازانجی سەرمایەی ئیمپریالیستی مەیلەو کەمی دەڕوا. ئەوه خۆی یەکێك له ناکۆکیەکانی نیزامی سەرمایەداریه.
لێرەدایه که سەرمایه بۆ پەیدا کردنی زۆرترین قازانج له رێگایەکی دیکه دەگەڕێ: چوون بۆ وڵاتانی ژێر دەسته (وەك ئێران)، که لەوان دا هێزی زۆر و زەبەند و خۆڕایی کرێکاران و زحمەتکێشان هەیه و دەکرێ به هەرزان بیان کرێ و کاریان پێ بکا، سەرمایەی ئیمپریالیستی لەم جۆره وڵاتانه دا بەهۆی هەبوونی ئەم هێزه فراوان و هەرزانه و (بەهۆی لەخوارەوه بوونی تەرکیبی ئورگانیکی سەرمایه یانی نیسبەتی

(سەرمایەی سابت_ سەرمایەی موتەغەییر) قازانجێکیشی پێ دەگا کە هیچکات لە وڵاتەکەی خۆی پێی ناگات.
بۆ راگرتنی ئەم هەل و مەرجە لەبارە (لەبار بۆ سەرمایەی ئیمپریالیستی)، یانی بۆ راگرتنی کرێکاران و زحمەتکێشان لە فەقیری و هەژاری دا بە جۆرێك کە هەمیشە ئامادە بن بە کەمترین کرێ زۆرترین کار بکەن، پێویستە ئەم کرێکار و زحمەتکێشانە، لەهەر چەشنە مافێك، لەهەر چەشنە دێموکراسی و ئازادیەك بێ بەش بن. بۆیە دەوڵەتانی ئەمجۆرە وڵاتانە دەبێ سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بن و هەر جۆرە بزوتنەویەکی شۆڕشگێرانە و دێموکراتیك شەڵاڵی خوێن کەن، یان پاراستنی سەرمایە پێویستی بە دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرەستی هەیە.
لە وەزعێکی ئاوادا، نەتەنیا سەرمایەی ئیمپریالیستی، بەڵکوو هەر نەوعە سەرمایەیەکی دیکەش لە وڵاتانی ژێر دەستە دا، لە بەر و بووی چەوساندنەوەی ئەو هێزە فەراوان و هەرزانە دەخۆا.
لێرە دا هەموو بەشەکانی سەرمایە، بە ئینحساری و غەیرە ئینحساریەوە، لە چەوساندنەوەی توندوتیژی کرێکاران دا شەریکن و پشتیوانی یەکترن. بە واتایەکی تر سەرمایەیەك کە دژی ئەو سیستەمە بێت ناتوانێ وجوودی بێ. لەمجۆرە وڵاتانە دا، گشە کردن یا نەکردنی سەنعەت، پێك هاتنی فلان کارخانە یان پێك نەهاتنی بەپێی نیازی سەرمایەی ئیمپریالیستی و بەپێی وەدەست هاتنی زێدە- قازانجی (فوق سود) سەرمایەی ئیمپریالیستی بڕیاری لەسەر دەدرێ. بۆیە دەڵێین لە سەردەمی ئیمپریالیسم دا تەبدیل بوونی وڵاتێکی ژێر دەستەی ئیمپریالیسم بە وڵاتێکی سەربەخۆی سەرمایەداری کە لەوێدا سەنعەت بە وەعدەی فلانە حیزب و فیسارە دەوڵەت گەشە بکات خەیاڵە. بۆ ئاگاداری لەم مەسەلەیە سەرنجتان بۆ نامیلکەی "ئەفسانەی بورژوازی میللی و پێشکەوتنخواز" نوسراوەی هاوڕێ "مەنسوری حیکمەت" رادەکێشین.
ئاغای "کەریمی حیسامی" لە "لێکوڵینەوەی کورتە باسێك لەسەر سوسیالیسم" دا، لە روانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیسمی شورەویەوە، رەخنە لە لاربوونەوەی

حیزبی دێموکرات بەرەو سوسیال دێموکراسی ئوروپا دەگرێت. "لێکۆڵینەوە" لە دیفاع لە شورەووی دا دەڵێ:

"ئاشکرایە ئێستا لە یەکیەتی سۆڤیەت دا چینەکان وەك چینی جیاواز نەماون، دیکتاتۆری پرولتاریا ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووە، چینی جیاوازی لە بەین بردوون و سوسیالیسمی پێ گەیشتووی دامەزراندووە و خۆیشی ئیتر نەماوە".

ئەو سوسیالیسمە پێ گەیشتووەی کە "لێکۆڵینەوە" باسی دەکا، یانی ئیمپریالیسمی شورەوی، هەر هەمانە کە چ لە شورەوی و لە وڵاتانی دیکە بە تایبەت وڵاتانی ژێر دەستە خەریکی چەوساندنەوەی کرێکاران و زحمەتکێشانە، لە دابەش کردنی ئیمپریالیستی جیهان دا بەشدارە، وڵاتە بچووك و لاوازەکان دەکێشیتە ژێر کۆت و بەندی خۆی و مەنتەقەی ژێر نفووزی خۆی پەرە پێدەدا و ماشێنی شەڕ و میلیتاریزمێکی بەرینی پێك هێناوە.

شورەوی پاڵپشتی ریوزیۆنیسمی مودێڕنە لە جیهان دا و چ لە باری ئیدئۆلۆژیك و چ لە باری سیاسی و نیزامی و ماڵییەوە، یارمەتی دەری ریوزیۆنیزمە لە بزوتنەوەی چینی کرێکاری جیهان دا.

***